# وەلامێك بە هاوڕێ ی ئەزیزم شەمال علی

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com

شەماڵی ئەزیز لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگەی سایتی بۆپێشەوەوە نامەیەکی تۆ یا دروستر بڵێن ووتارێکی تۆ کە نووسینێکی من کرابووە هەوێنی بەرهەمێنان بەرچاومکەوت، هەوڵ دەدەم لەوبارەوە بەکورتی وەلام بەچەند خاڵێك بدەمەوە.
سەرەتا ئەوە بڵێم بۆ کەسێك نووسینکەی منی نەدیبێ و نەیخوێندبێتەوەو ڕاستەوخۆ چاوی بە وەلامەکەی هاوڕێ شەماڵ کەوتبێت دەکەوێتە بیری ئەوەی کە ئاخۆ ڕیبوار عارف چ لیکدانەوەیەکی سیاسی فرە ڕەهەندی کردوە بۆ ڕووداوەکانی جیهان ودەوری بزوتنەوە سیاسی کۆمەلایەتیەکان وبلوك بەندیەکانی جیهانی ئەمڕۆ... هەربۆیە حەماسەتێك کە لەوەلامدانەوەکەدا هەیە بەدوری مەزانن کە سەرنجی خوێنەر بەو ئاراستەیەدا بەرێت کەدەبێت بەرلە گەڕانەوە بۆ (( باس ولێکوڵینەوەکانی)) ڕێبوار عارف کەم تازۆر پێویستە شارەزایەکی لەو مەسەلە هەستیارانەی جیهانی ئەمڕۆدا هەبێت، تابتوانێت هەڵوێستی خۆی لە پەیوەند بە لێکدانەوەکەی هەردووکمان بخاتە ڕوو. لەکاتێکدا کە ئەوەی من نووسیوومە زۆرسادە ڕاگەیاندنێك یا هەڵوێستێکی کورتی بیست دێڕیە لەپەیوەند بە هەڕەشەیەك کە ئیسلامیەکان لیانکردوین. ئیتر نازانم ئەو هەموو خۆ ماندوکردن ولێکدانەوەو فەرزیاتانەی هاوڕێ شەماڵی بۆچیە؟ بەجۆرێك کە هەست دەکەم هاوڕێ شەمال فشاری بۆخۆی هێناوە کە بە سێ لاپەرە دەستبەرداری بابەتەکە بووە، ئەگینا تایتڵی فراوانی باسەکانی مەگەر وەك زنجیرە ووتارێك بتوانێ کەم تازۆر ئاوێك بکات بە دڵی هاوڕێ شەمالدا. ئەمە لەکاتێکدایە کەخۆی دەنووسیت: (( پاڵنەرم بۆ وەلامدانەوە نووسینی ئەم ووتارە بەبیانووی ئەوچەند دێرەی تۆوە نەزەری خۆم لەسەر ئەو بۆچونەی کە بەنادروست جیگاوڕێگاو خەتەریك کە ئیسلامی لە کوردستان دروستی کردووە دەستی کەم دەگرێ و .... دەربرم )
ئەزیزم یەکەم دەکراو دەتوانی بەبێ هیچ بەهانەیەکیش نەزەری خۆت بە ڕاشکاوی لە چەند ووتاریکدا بەیان بکردایە بەبێ ئەوەی کە خۆت واتەنی نووسینێکی من بکەیتە بەهانە بۆ وەلامدانەوە بە بۆچونێك. دووەم ئەگەر پێت وایە نووسینەکەی من نووێنەرایەتی ئەو ڕوانگەیە دەکات، بۆ ئەمەیان گومانم هەیە کە هیچ خوێنەرێك بە جدی لێت وەربگرێت چونکە خۆناکرێت ڕێبوار عارف تا ئەو شووێنە ئیسلامیەکانی بەجدی گرتبێت کە بەهۆی نووسینی ووتارێکەوە هەڕەشەی تیرۆری لێ بکەن وبەلام هاورێ شەماڵ پێوابێت کە هێشتا ئێمە ئیسلامیەکانمان بە دەستی کەم گرتووە.
ئەگەر پەیام ووتارەکەی ئێمەتان بە دیقەتەوە خوێندبیتەوە لەسەر درامای ئارایا کە بووە هۆی ئەو هەڕەشە کردنەی ئیسلامیەکان ئیتر باوەڕناکەم خۆت بخستایەتە دامێنی ئەم لێکدانەوە ڕەخنەگرتنە بێ جێیە لەمن. بۆ دەتەوێ لە کلاوڕۆژنەی نووسینەکەی منەوە پرسیار سکۆلار بوونی ڕیبین هەردیەکان بخەیتە ڕوو، ئەوەی کە من باسی دەکەم دەڵێم (( ئێوە کەی ئەهلی حیوارو گفتگۆبوون، ئێوە کەی لە شمشێر ڕاوەشان زیاتر ڕێگەیەکی ترتان ناسیووە، کەی لە فتواو جیهادو تفکیر زایاتر زمانتان بە ڕێگەیەکی تر ئاشنابووە ؟ ئێوە کوا بەرگەی تەوژمی ئازادی بیروڕادەبرین دەگرن، کەی نزیکایەتیتان لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی شارستانی وڕێگەی کێشمەکێشی فکریدا هەبووە)) ئەمە ئەنتی تێزی هەڵوێستی ڕیبینەکانە کە کات وکاری خۆیان بۆ سازدانەوەی گفتوگۆی فەرهەنگەکان پێکەوە تەرخانکردوە یا لەباشترین حالەتدا سەرگەرمی بانگیژەی لیبرالیزمێکی ناسیونالیستن.
هەرلێرەشەوە ئەوەش بڵێم تۆمارکردنی سکۆلاریزمی ئەم کۆمەڵگایە لەپای ڕیبین هەردیەکان خەتایەکی گەورەیەو بە ئاکامێکی تاڵمان دەگەیەنێت بۆیە دیسانەوە جێگەی خۆی نەبوو کە بکەویتە ئەو هەڵەوە بڵێت ( سکیولاریزمی ئەم کۆمەلگایە نە رادیکالە، نەئازادیخواز نەیەکگرتوو ریکخراوەو نە گاریگەرو چالاك. سوکانی ئەم جوولانەوەیە ئێستا کەوتووەتە دەستی ناوەندو کەسانێك کە هەرچی بن ئازادیخوازو رادیکاڵ نین ). ئێمە هەر ڕەخنەو هەڵسەنگاندنێکمان لە جێگەو ڕێگەی سکۆلاریزم هەبێت لە کوردستان تازە خۆت واتەنی هەر لە ڕێکخراوبوون و یەکگرتنیەوە بگرە تا کاریگەر بوون وقورسایەکەی، بەلام ناکرێت کارنامەی ئەم جولانەوەیە لە پای کۆمەلێك بنووسرێت کە ئەرکیان لەهەرشتیك زیاتر بە ئیسلامیزەکردنی کردنی کۆمەڵگا بێت، ئەمە ئەساسەن لەگەل بەشێك لە بۆچوونەکانی خۆشتا پەرچەکرداری هەیەو جێگەی تیارامانێکی زیاترە !

لەلایەکی تریشەوە ئەوەش بڵێن، ئەوەی کە تۆ ئێمەی پێ تۆمەتباردەکەیت کە گوایە ئێمە ئیسلامیەکانمان بە دەستی کەمگرتووە ، جاریکی تر هاوپێچ لەگەڵ ئەم وەلامە کورتەدا دەقی نووسینەکەی خۆم بلاودەکەمەوە بۆ ئەوەی کە خۆێنەر لەوبارەوە حکومی خۆی بدات و یاشتر لەوە حالی بێت کە ئایا بەڕاستی ئەوە منم ئیسلامی سیاسی بەدەستی کەم دەگرم یان ئەوە هاوڕێ شەماڵە کە لە دورست و نادورست نەبوونی بەکارهێنانی ووشەیەکەوە بە ئەنجامگیریەکی هەڵە دەگات وەك دەڵێن کێچ دەکا بەگاو ووشەی زەبوون دەکاتە بنچینەی لێکدانەوەیەکی هەلەو ناردوست. کەمن ووشەی (زەبوون) بەمانای بێ دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی بەکارنەهێناوە. بەڵکو دەمەوێ بلێم کەئەوان سەرباری ئەو هەموو کوشت وکوشتارو وەحشیگەری وتیرۆرو ئیرهابە هێشتا زەبوون، ئەوان زەبوون لە تەحمەولکردنی ڕەئی جیاواز لە قبوڵکردنی بەرامبەریان، زەبوونن لە بەرامبەر بە ئازادی بیڕوادەبڕین وئازدی بەیان، زەبوون لە ڕووی فکری و فەرهەنگیەوە، کە من ئەم لایەنانەم زۆر بە ڕۆشنی لە نووسینکەمدا خستووەتە ڕوو.

بەدەر لە هەموو ئەمانە ئەوا ووتمان سەردێری بابەتەکە دەقیق نەبوو کە تۆ لەسەر ووشەی ( زەبوون) بوون 18 دێر دەنووسیت وەك وەلامدانەوە. ئەوا ووتمان بەدروست ڕەخنەکەتان لە گۆشەیەکی تری نووسینەکەی ئێمە هەبوو. بەلام پەلکێشکردنی ئەم باسە بۆ تەحلیلی سیاسی دۆزی ئیسلامی سیاسی لە دنیاو... ئیتر نەتیجەگیریەکی زۆر کوڵەوارو نادروستەو چویتە مەیدانی شەڕێکەوە کە کەس نیە بۆ ڕاوسەتانەوە مانۆرلێدان لەبەرامبەرتا . چونکە هەست ناکەم باسەکەی تۆ هیچ پەیوەندیەکی بە نووسینەکەی منەوە هەبێ لە((بەهانەیەك)) زیاتر بۆ بەیانی ڕوانگەو بۆچوونەکانی خۆت. ئاخر تۆبیرکەرەوە نووسینی نیولاپەرەی من بووتە دەستمایەی تاوتۆێ کردنی ئەم کۆمەڵە باسە (( ئیسلامی سیاسی، ئەمەریکا، چەپی ئەوروپا...سکۆلاریزم، دەستی بالاپەیداکردنی لیبرالیزم وڕاسیزم ومەسەلەی فەلەستین....)) ئەمە کوێی دروستە؟. هەربۆیە ئەگەر لەشوێنێکیشدا تێبینیەکی دروستت لەسەر نووسینەکەی ئێمە هەبووبێت کە هەتە... بەلام بە ئەندازەیەك باسەکە کێش دەکەیت وجیهانی پێ دەگێڕیت کە سەرئەنجام لە قورسای ڕەخنەو سەرنجەکەشت کەم ڕەنگ دەکاتەوە .

لەکۆتایدا ئەوەش بڵێم ئەگەر مەسەلە ووتارنووسین و تەنانەت بەرنامەی دروستیش بێت پێموانیە لەوبارەوە بزوتنەوەکەی ئێمە هیچی کەم هێنابێت. بەڵکو قسەکە لەسەر ئەوەیە کە ئایا نەزەری دروستی من یا هاوڕێ شەمال بەکردەوە چەندە بزوتنەوەکەی ئێمە دەباتە مەیدانی ئەو شەڕە واقعیانەی کە پێ بەهیزدەبین وهیزی پێدەگرین . کە ئەمە مەرج نیە لە ووتار نووسین وباش وخراپ ووتنی من وهاورێ شەماڵدا دەرکەوێت، بە ئەندازەی ئەوەی کە ئایا بەڕاستی چەندە توانیوومانە تەرجمەی شەرەکانی ڕۆژانەمان بکەینە پراتیکێك کەوا پێ بەهیزبووبین. ئالیرەدا ئیتر دەبیت حسابیکی وورد بۆ ئەولەویاتەکانی خۆمان بکەین و بزانین قەرارە هەریەك لە ئێمە وەلام بەکام ئەولەویات وپرۆژەی گرنگی ئەم حزب و بزوتنەوەیە دەدەیتنەوە. دواتر ئەگەر ڕەخنەو سەرنجێکیشمان

لەسەر نووسینی هاورێ یەك هەبێت شتێکی ئاسای و ئەوە یەکیك لە جیاوازیەکانی ئەم بزوتنەوەی ئیمەو تایبەتمەندیەکانیەتی !

2007 / 8 / 5

ﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃﮃ

**هەڕەشەو فەتوای تیرۆری ئیسلامەیەکان هێمای زەبوونیانە !**

**ڕێبوار عارف**
fediraq@welho.com

جەمسەرێکی نا ئەمن بوونی دنیای ئەمڕۆ، کوشت وکوشتارو لەخۆین هەڵکێشانی شەقام وکۆلانەکان وتەقاندنەوەی خوێندگاو خستەخانەو شوێنە گشتیەکان وسەربڕین وپارچەپارچە کردنی جەستەی ئینسانەکان چەکێکی بەردەوامی دەستی ئیسلامی سیاسیەو هەموو ئەمانەو گەلێك کرداری تر ، زۆر ئاسان لە دووتوێ ئایەت وحدیس وفەرموودەیەك دەکرێتە چاشنی و لەکاتی دەربڕینی ووشەی ساردی جیهادو تفکیردا بێ باك لە هەر ئاکام تراژیدیایەك کە بۆ کۆمەلگایی مرۆڤایەتی بەجێ دەهڵێت.

بەلام لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا گۆشەیەك لەسیمای واقعی ئەم بزوتنەوەیە نیشان دەدات. هەر لەدەماغ شتنەوەی مندالان و بارهێنانیان بۆ خۆتەقاندنەوەو کاری ئیرهابیەوە. تادەگاتە بەکارهێنانی تیزاب کردنی بە دەمووچاوی کچاندا کەڕەنگە بەنگەلادیش نموونەی بەرچای ئەو ڕاستیە بێ کە سالانە سەدان کچ پێستی دەمووچاوی بە تیزاب کلۆکۆی دادەمرکێتەوە. پاش چەندین سەدە

ئێستەش دەستی بەدەستی وچاویك بەچاویك لە فەرهەنگ ویاساوڕێساکانی ئەم بزوتنەوەیەدا مانا پەیدا دەکات. باس لە پەنجەبڕین و بەردباران وسەنگسار ناکەین ئاوڕدانەوەیەك لە ڕووداوەکانی ڕۆژانەی سعودیەو ئیران بەڵگەنامەیەکی ڕۆشنن لەمبارەوە. زۆرێك لە ئێمە تەقینەوەکانی هۆڵی ئارایشتی ژنان وسینەماو مشرب فرۆشیەکان ودوکانی فیدیۆکانمان لەیادە. لەیادمانە کەچۆن جگەرە کێشان وگوێگرتن لەگورانی ومۆسیقا قەدەغەکرا، گەشت وگوزەرو ئاهەنگگیران قەدەغەکران،...کەواتە پێمان سەیرنیە هەرچی ووشەی ئازادی ومافە فەردی ومەدەنیەکانە لە فەرهەنگی ئەم بزوتنەوەیەدا غایبەو مانایەکی بۆ دیالوك کردن نیە.

لەپاڵ ئەمانەشدا هەمووما‌ن ئاشنایـن بەچەکێکی تری بەردەوامی ئیسلامی سیاسی کە ئاڕام کردنی کۆمەڵگاو ترسان وتۆقاندن و دەمکوت کردنە لە ڕێگەی هەڕەشەو فتوای کوشتن وتیرۆرکردنەوە. لەماوەی پانزە ساڵی ڕابردودا سەدان هەڵسوڕاوی سیاسی و ئازادیخوازو کەسایەتی سکۆلارو مۆدرن سەدان نووسەرو ئەدیب وشاعیر فتوای مەرگ ولەناوبردنیان دراوەو دەدرێت. هەزاران ژن و کچ شەلالی خوێن کراون بەبەهانەی نامۆسپەرستی، لەیەك ووشەدا هەرچی خۆشی وئازادی وبەختەوەری وتەقەلایەکە بۆ بەهرمەندبوون لە ژیانێکی باشترو شارستانی لەلایەن ئەم بزوتنەوەیەوە ڕاپێچی خانەی حەرام و لێپسرینەوە سزادان کراوە .

هەڕەشەی ئەم جارەی ئەم جەنابانە لە من، دوابەدوای نووسینی نامەیەکی پێشنیاری بۆ ڕۆشنبیران ونووسەرانێك کە داکۆکیان لەبەردەوام بوونی درامای ئاریا دەکردو بەدوایشیدا نووسینی ووتارێك بە نێوی ( نەبەردی دوو بەرە لە نێوان درامای ئاریاو هیسترایای ئیسلامەیەکان ). ئیسلامیەکان یا دەقیقتر بڵێم ئەنسار ئیسلامی بەو ئاکامە گەیاندن کە ئەم جارەیان هەڕەشەو گوڕەشەکانیان ئاراستەی ئێمە بکەن وداوای دەست هەڵگرتنمان لێ بکەن دەنا خۆیان واتەنی " وەك سەگ دەمان تۆپێنن ".

کارنامەی خاوێنی ئێوە جێگەیەکی بۆ گومان لێکردن ودوودڵی نەهێشتووەتەوە لەبارەی هەرجۆرە سزاوهەڕەشەو گوڕەشەیەکتان لە نەیارانی سیاسی خۆتان. نەمن ونەهیچ کەسێکی تر ڕێگە بەخۆی نادات کە سنگ بادات وبلێ ئێوە ناتوانن وئەهلی ئەنجامدانی ئەو کارە نین. نا نا بەپێچەوانەوە ئەوە پیشەو لۆژیك وماهیەتی ئێوەیە، دڵنیابن نەمن ونەهیچ کەسانێکی تر ئەو خۆشخەیالیەیان نیە !

ئێوە کەی ئەهلی حیوارو گفتگۆبوون، ئێوە کەی لە شمشیر ڕاوەشان زیاتر ڕێگەیەکی ترتان ناسیوە، کەی لە فتواو جیهادو تفکیر زایاتر زمانتان بە ڕێگەیەکی تر ئاشنابووە ؟ ئێوە کوا بەرگەی تەوژمی ئازادی بیروڕادەبرین دەگرن، کەی نزیکایەتیتان لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی شارستانی و ڕێگەی کێشمەکێشی فکریدا هەبووە ...

بەلام دڵنیابن چ ئالوگۆڕەکانی جیهانی ئەمڕۆ، چ کارنامەی "درەخشانی" ئێوە، چ ووشیاربوونەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لەنیویشیاندا دەوری بەرەی ڕادیکال وئازادیخوازی کوردستان، فرسەتێکی بۆ شمشێر ڕاوەشان وفتواکانی ئێوە نەهێشتووەتەوەو ئەمڕۆ بەرەی ڕادیکال وئازادیخوازو سکۆلاری کۆمەڵگای کوردستان پێی لەشوێنکدا گیرکردوە کە بەبەگەڕخستنی هەموو ئەو ڕەوشتانەی کەئێوە خۆتانی پێ پیناسەدەکەن ناتوانێت پاشەکشە بەم بەرەیە بکات. ئەگەر پانئیسلامیزم وئیسلامی سیاسی بەگشتی نزیك بەسێ دەهە لەمەوبەر لەهەناوی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە چووە قوناغیکی ترەو ڕێگەی بۆ هاتنەمەیدانی ئێوە خۆشکرد، ئەوا لەگەڵ لەگۆڕنانی ئەم دەسەلاتەدا ئێوەش شانسی هاتوهاوارتان کۆتای پیدێت. چاوەڕاوانبن ئەو ڕۆژانە چەند سەباحێکی ترەو ئەو کاتە لە پانتایی قودرت وحیکمەتی ئازادی وبەرابەری و ئازادی بیروڕا دەربڕین دەگەن.

× بەم ئیمەیلە نامەی تهیدکردنەکەیان بۆ ئێمە ناردوە: ansaraslam_kurdistan@yahoo.com